### بەو مەرجە واز لە دەسەڵات دەهێنێت، خزمێکی خۆی جێگەی بگرێتەوە

# گرفتەکانی بونیادنانی دەوڵەت پاش روخاندنی ئەسەد

ئا: لوقمان رەئوف

IDEA DEPLOMATIC




هەرچەندە نزیکەی دوو ساڵە شۆڕشی سوری دەستی پێکردوە، ئەم درێژبوونەوەش لەلایەک بوونی گرفت و کێشە و بەربەستە لەبەردەمیدا، لەلایەکی تریشەوە پشتگیریکردنی سێ وڵاتی زلهێز ئەوەندەی تر گرفتەکەی قوڵتر کردوەتەوە، بەهۆی ئەمانەشەوە ملمالانێ و شەڕی چەکداری لەنێوان رژێم و شۆڕشدا وایکردوە دۆخەکە بەرە و شەڕی ئەهلی و بەرفراوان بچێت، ئەمەش ترسی راستەوخۆی بۆ سەر ئایندەی وڵات نەک هەر شۆڕش دروستکردوە، بۆیە بنیادنانی وڵات لەسەر بنەمای لەسەر یەکێتی لەناوخۆی وڵات و پشتگیری دەرەکی و دورخستنەوەی چارەسەری سەربازی و پشتیوانی نێودەوڵەتی شۆڕش و کەرەستەی پێویست.

### لە ڕاپەڕینی شەقامەوە بۆ بنیادنانی وڵات

راپەرین و نارەزاییە مەدەنیەکان لە سوریا لەسەرەتای مانگی (2011/5) دەستی پێکرد، بەڵام راستەوخۆ وەڵامدانەوە و پەرچەکداری رژێمی سوریا، وایکرد کە شۆڕشگێڕان خۆیان چەکداربکەن، لێرەوە راپەڕین بەرەو توندوتیژی هەنگاوی نا، لەدوای ئەم هەنگاوەش کێشەی سوریا تەنها بریتی نەبوو لە پارێزگاریکردن لەمانەوەی خۆی، بەڵکو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە لە شۆڕشگێڕەکان رزگاریان کردبوو، لێرەشەوە لەسەر ئۆپۆزسیۆنە کە حکومەتێک لەو ناوچانەدا دابمەزرێنێت کە رزگاریان دەکات و پارێزگاری لە دەزگا و دامەزراوەکان بکات، بۆئەوەی ببێتە نمونەیەک بۆ بەڕێوەبردن لەسەر ئاستی گشتی سوریا، لەلایەکی تریشەوە بنیاتنانی ئەم دەزگایانە پێویست، بۆ پشتیوانیکردنی دەرەکی و بنیاتنانی سوپایەکی نیشتیمانی، لەپێناو

کۆکردنەوەی لایەنە چەکدارەکان کە تواناى بەڕێوەبەردنی شەڕی ئەهلییان هەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان، ئەگەر نا ئەوا بنیادنانی دەزگا نیشتیمانیەکان لە سوریا دوو بەربەستی لەبەردەمدایە:

1-بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆنی چەکدار لەبنیاتنانی وڵاتدا، بەتایبەتی ئیدارەی مەدەنی، کە تا ئێستاش سوپای نیشتیمانی دامەزراندوە.

2-بوونی وەلای ژێربەژێری هەندێ لەبزوتنەوەکان وەک بەرەی نەسرەو حزبی کرێکاری کوردستانی کار لەسەر بنیاتنانی دەزگای هاوسەنگ دەکات لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی و روانینی بۆ دەوڵەت کاردەکات.

بەواتایەکی تر ئەو خەباتەی کە شەقام لەسوریا کردی زۆر بەهێزتر و کاریگەرترە لە خەباتی چەکداریەکەی، چونکە شەقام لاواز بوبێت، بەڵام بەرگری و مانەوەی لەشارەکان و پشتگیری شۆڕش فاکتەرێکی سەرەکی یە هێزی شۆڕشە، لەگەڵ ئەوەی بەچەندین شێواز قەتڵ و عام دەکرێت.

### جیاکردنەوەی دەسەڵاتی مەدنی لەسەربازی

لەگەڵ ئاماژەکانی روخانی رژێم و دەستگرتنی ئۆپۆزسیۆن بەسەر چەند ناوچەیەکی گرنگدا، دەبوو کاری مەدەنیان بکردایە وەک پۆلیس و دادگا و دابەشکردنی خۆراک و غاز و پاکردنەوەی شوێنە روخاوەکان، بەڵام بوونی دەزگا بەدیلەکانی وەک ئەنجومەنی مەدەنی، دەسەڵاتی بڕیاردان و پۆلیسی جیاواز نییە لە گروپە چەکدارەکان، جگەلەوەش کەرەستە و پێداویستیان نییە.

ئەو دەزگایانە کە لەژێر دەستی ئۆپۆزسیۆنن، پێویستە بیانگونجێنێت لەگەڵ سیستمی یاسایی دا ئەو دەزگایانەش بریتین لە:

1-دادگاکان: ئەم دەزگایانە لەیەن ئۆپۆزسیۆنی چەکدارەوە دانراوە، لەچوارچێوەی یەکیەتێکی دادوەری لەرێگەی رێکەوتن لە نێوان پارێزەران و بڕیارداندایە، بەڵام لەپێناو بوونی دادگایەک لەو ناوچانەی کە شۆڕشگێڕان ئازادیان کردوە، خەڵکی دادوەر دابنێت لەبری شێخ و کەسایەتیە کۆمەڵایەتیاکان، بەڵام ململانێ لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا هەیە لەبارەی دانانی یاسای قانونی وەک ئەنجومەنی بڕیاردانی ئازاد و کۆکردنەوەی پارێزەرانی ئازاد و بزوتنەوەی پارێزەرانی ئازاد.

2-ئەنجومەنی مەدەنی: دورنیە لە کۆنترۆڵکردنی سەربازەکانەوە، ئیدی بەگرتنەخۆی بێت یان پشتیوانی و هاوکاریکردنی یان لەرێگەی هەڵبژاردنی ئەندامەکانیەوە، چونکە کاریگەری هەڵبژاردنی فەرماندە سەربازیەکانی لەسەرە نەک هەڵبژاردن کە تایبەتە بەکاروباری تەندروستی، فێرکاری و پۆلیس، ئەنجومەنی کاتی لە حەلەب چەند رۆڵێکی وەک ئەنجومەنی مەدەنی شاری حەلەب، ئەمجومەنی گواستنەوە و راپەڕاندنی کاری مەدەنی دواتریش دیرزور گیرایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەروەها هاوکاریە دەرەکیەکان رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە بۆ بنیادنانی هەیکەلی ناوخۆیی و لیژنەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان پارێزگاکاندا.

بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە دەزگایەکی بێلایەن لەسوریادا دروست بێت بۆ راپەڕاندنی کاری مەدەنی، .بەو مەرجەی ئەم دەزگایە تۆی گشتی ئایدیا و کەسە جیاوازەکانی ناو هێزەکان لەخۆبگرێت، بۆیە دواجار چەند بەرەیەک دروست دەبێت کەسەکانی وەلایان بۆ حزب و کەس هەیە وەک سوریا و وەبەمەش شەڕی ناوخۆیی زۆر نزیک دەکاتەوە و هەر ئەمەش وایکردوە هێزی مانەوەی سوریا درێژتر بێتەوە.

### بنیادنانی سوپای نیشتیمانی

لەگەڵ زۆربوونی هەنگاوەکان، شۆڕشگێڕەکان لیوایان دروستکرد بۆئەوەی جەنگاوەرەکان تیکەڵ بە یەکتری بکەن لەگەڵ سوپای ئازاد، چونکە سوپا میکانیزمی گونجاوی بۆ ئەمە هەیە، بەڵام بەربەستیشی هەیە:

-بنیادنانی سیستمی هیراکی کە لەسەر تەنسیقی یەکە جیاوازەکان وەستاوە، هاوکاریە دەرەکیەکانیش رۆڵێکی گرنگیان لەپڕ چەککردنی شۆڕشگێڕەکان و مەشقکردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیشتیمانی هەیە لەرێگەی ئەنجومەنە سەربازییەکان، بەڵام پێویستیان بە تەنسیق هەیە لەنێوان ئەم ئەنجومەن و لیوایانەدا، بۆیە پرۆسەی یەکگرتن توانای سەربازی و سیاسیەکان لە ساڵی 2012 هاتەئاراوە، بەمەش چەند کەتیبەیەک لیوایەکیان دروستکرد و هەر لیوایەکیش جلی تایبەت بەخۆی هەبوو، یان رەمزی تایبەت و سەرکردەی تایبەت بەخۆی هەبوو، بەڵام دروستکردنی چەند لیوایەک ئەوەندە بەشداری ستراتیژی یان مەشقکردنی نەبوو، لەپێناو یەکخستنی پرۆسەی سەربازی، بۆیە چەند ئەفسەری کۆن و سوپای ئازاد کۆبوونەوە و چەند کۆبونەوەیەکیان سازکرد، بەمەبەستی دانانی ئەنجومەنی سەربازی بە نوێنەرایەتی لیواکان لە هەموو پارێزگاکاندا.

-نەگەیشتنە رێکەوتنێک کە خاوەن شەرعەتێکی شۆڕشگێڕی هەبێت، هەروەها بەرپرسە باڵاکان و هونەریەکان ناتوانن پێداویستی مەشقی سەربازەکان دابین بکەن، بۆیە زۆری لیوا و ئەنجومەنەکان ئەوانە بەرێوەی دەبەن، کە چونەتە ناویانەوە، هەروەها کەمی هاوکاری و پێداویستی گونجاو بەلاوازی دەردەکەن لە پەیوەندی لەگەڵ لیواکان یان دەسەڵاتیان لەکاتی کۆنترۆڵکردنی شاردا.

### بەربەستەکانی بنیاتنانی دەوڵەت

بەهۆی پەیوەست نەبوونی ئەو وەلایەنەی کە بۆ دەوڵەتی سوری هەن بەیەکەوە لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندیە خێرایانەی کە کاریگەریان لەسەر دورستکردنی دەوڵەت هەیە، جگە لەمەش هەندێ بزوتنەوەی تر هەن وەک بەرەی نەسرە، ئۆرگانی سەربازی و سیاسیان هەیە بۆ هێنانەدی پرۆژەی شۆڕشگێڕی تایبەت، کە بەتەواوی دورە لە رووداوەکانی سوریا، بەرەی نەسرە خزمەتی جیهادی جیهانی دەکات و هەوڵی چەسپاندنی شەریعەت دەدات و دان بە بەرامبەرەکەیدا نانێت، بەتایبەتی عەلەویەکان، بۆیە ئامانجی ستراتیژی لەسوریا دورە لە

بنیادنانی دەوڵەتی سوری، بۆیە ئەوانەی کە لاوازی دەکەن بریتین لە:

**1–بەرەی نەسرە و لاوازکردنی نیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی**

ئەم بەرەیە لەپێناو روخانی رژێم دروەستبووە و کار بەناوی ئیسلام چەسپاندنی یاساکانی دەکات لە چوارچێوەی (جێبەجێکردنی سنور)دا و دژی بنیادنانی دەوڵەتە، خاوەن دادگای تایبەتی سەربازی و مەدەنیە، بەندیخانەی لە حەلەب هەیە و پشتیوانی دادگا ناوخۆییەکان دەکات و دژی یەکگرتنی یەکێتی دادگاکانە و دژی چونەناوە و سوپای سوریە و خاوەن جۆرێک لەسەربەخۆ بوونە و خاوەن سەرچاوەی هاوکاری تایبەتی دەرەکیە، پشتیوانی بەرەی راست دەکات کە کار لەسەر بیروڕایەکی توند دەکەن و تەنسیقیان لەگەڵ ئەو گروپانەیە کە هەمان میتۆدیان هەیە، وەک لیوای ئازادی شام، بزوتنەوەی فەجری ئیسلام، لیوای حقوری شام.

**2–کوردەکانی سوریا و خود موختاری**

لەگەڵ ئەوەی تەنگەژیەکان لەگەڵ تورکیا زیادیانکرد (PKK) لەسوریا بنکە و سەرکردایەتی خۆی بەهێزکرد، ئەگەرچی دواجار بەهۆی رێکەوتنی تورکیا و سوریاوە ناچارکران سەرکردایەتیان لەسوریا دەربکەن، دواتریش گرتنی ئۆجەلانی لێکەوتەوە، ئەمرۆش باڵی سەربازی (PKK) لەم وڵاتانە بەهێزە، هەرچەندە سەرەتای شەڕ رژێم رازی بوو بە خودموختاری، بەڵام دژی دابەشبوون بوو، دواجاریش هێزە کوردیەکان حوکمی ناوچە کوردیەکان دەکەن و سەرلەنوێ هەیکەلی حزبێکی سەربازی و کاتی دروسنکردوە و ناوچەکوردیەکان بەڕێوەدەبەن بەهاوکاری لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکرات و یەکێتی دیموکرات، جگە لەمەش زۆربوونی حزبی کوردی ئەوەندەی تر مەسەلەی بنیادنانی دەوڵەتی دوای ئەسەد بەگشتی و مەسەلەی کوردی سوریا بە تایبەتی ئاڵۆزکردوە، بەمەش ئایدۆلۆژیاکان زاڵبون بەسەر ئامانجە نیشتیمانیەکاندا.

**3–زاڵبوونی لایەنی مەزهەبی:**

هەرچەندە سوریا لەو پەیامە گەیشتوە کە دەبێت بەشار ئەسەد لەسەر کورسی لاببرێت، بەڵام ئەمە گرفتی سەرەکی ئەم قۆناغە نییە، بەڵکو گرفتی سەرەکی ئەو پیاوەی کە لە ئێستادا لەناوخۆی سوریا و لەلای ئۆپۆزسیۆن و لای ئەمەریکاش نا ئامادەیە، ئەو کەسەیە کە جێگەی بەشار ئەسەد دەگرێتەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا بەشار ئەسەد گرفتی دانانی کەسی جێگرەوەی هەیە، چونکە لەلایەک دەیەوێت کەسێکی عەلەوی بێت، ئەمەش واتا شیعە، لەلایەکی تریشەوە خزم و کەسی نزیکی خۆی بێت، لەئێستادا پشتگیری بۆ ئەم مەسەلە نیە و ناچارە بەزۆر دایبنێت، هەرچی ئەمەریکا و ئۆپۆزسیۆنە، دەبێت کەسێکی سونەبێت و عەلمانی بێت، لەئێستاشدا کەسی پشتگیری کراو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووی پارچە پارچەبووەو، ئەمریکاوە نییە و هەلومەرجی سەپاندنیش هێشتا نەهاتوەتە ئاراوە سەبارەت بە ئەمەریکا، هەر لەسەر ئەمەشە ئەسەد رایگەیاند تاوەکو هەڵبژاردن لەسەر کورسی دەمێنێتەوە و دەیەوێت لەرێگەی هەڵبژاردنەوە خزمی نزیکی خۆی دابنێت.

### زیادبوونی جیابوونەوەکان

لە ئەنجامی زۆربوونی دانیشتوان و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕی ئەهلی وەک چۆن لە لوبنان لە ساڵی (1997) و ئەفغانستان لە ساڵی (1990)دا رویدا، لەم حاڵەتەشدا رژێمی ئەسەد ناڕوخێت تاوەکو ئەم ململانێ و شەڕە ناوخۆییانە کۆتایی پێنەیەت، لێرەوە ململانێی لەنێوان کەسایەتیە سیاسیەکان و دابەشکاریەکاندا رودەدات، بۆیە بنیادنانی حزبی سیاسی لەسوریا لەپێناو بەڕێوەبردنی هەمەلایەنە و جیاوازیەکان بەشێوەی دیموکراسی، بوونی ئەم حاڵەتەش تێکەڵکردنی سوپای ئازاد و گروپەکانی تر شکست پێدەهێنێت. ئەو بارگرژیە تایفیەی لەسوریادایە بووتە هۆی دواخستنی شەڕی ناوخۆیی، ئیدی لەنێوان کورد و عەرەب، سوننە و شیعە، لەلایەکی تریشەوە هاوکاری دەرەکی هۆکار و پشتیوانی ئەم جیاکارە سیاسیە.

بەواتایەکی دی زۆری گروپ و رابەرانی شۆڕش و نەبوونی مەرج لەکاری سیاسی و بڕیاردانداا، وا دەکات جیابونەوەکان کە لەئێستادا کە لەبڕیاردان و کاری سیاسیدا بوونی هەیە، لە ئایندەشدا لەسەر بنیاتنانی دەوڵەت کاریگەری خراپی هەبێت.

### رۆڵی هاوکاری نێودەوڵەتی

هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بنیادنانی دەوڵەت و دەزگاکانی، لەسەر هاوکاریە دەرەکیانە ئەم دابەشکاریانە دوربخاتەوەبەتایبەتی لەسایەی ململانێی سوپای ئازاد و دەزگا تازە پێگەیشتوەکان، دواتر بیرکردنەوە لە نەهێشتنی فڕیتی فڕۆکە لەو ناوچانەی کە سوپا دەسەڵاتی بەسەردا نییە لەروی هاوکاری نێودەوڵەتیەوە، چونکە هاوکاری دامەزراندنی بونیادی دەزگاکان لەگەڵ پڕچەکردنی گروپە ئازادەکان، لەپێناو بنیادنانی سوپای نیشتیمانی و پێدانی موچەی مانگانە و مەشقکردنی بەردەوام بەم هێزانە، بەمەش دڵنیابوون لەدابەش نەبوون و وپێویستە هاوپەیمانی وەک حکومەتی کاتی کاربکات و سەرلەنوێ کەرەستەکان دابەشبکات بەیەکسانی، لەگەڵ زیندوکردنەوەی ئۆرگانەکانی راگەیاندن و دامەزراندنی رادیۆی ئازادیە، تاوەکو کار لەسەر خواستی گەل و کەمکردنەوەی توندوتیژی تایفی سوری بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە لەو هاوکارییە مادیانە کار لەسەر ئەم میکانیزمە بکەن، چونکە سوریەکان پێیانوایە روخانی رژێم خاڵی سەرەکیە لەم قۆناغەدا، بەڵام لەوە بێئاگان کە ئەو بەربەستانەی کە لەدوای روخانی ئەسەد دێنە ئاراوە لەبارەی دامەزراندنی حکومەتێک کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشدا بێتەوە زۆر گرانترە لەم قۆناغە و بەشێک لەم بارگرانیەی لە ئەستۆی خودی ئۆپۆزسیۆن و میکانیزمی کارکردنە هەڵەکانیاندایە.

**سەرچاوە:**

1– مجلە السیاسە الدولیە.

2– ئاژانسەکان.

BBC –3